# مێژو و حەقیقەت و دوای تازەگەری

ن/ وندشتل کیس
و:لەعەرەبیەوە:هێمن مەحمود
دەربەندیخان/
Hemnm1979@yahoo.com

نوسینەوەی مێژوو یەکێکە لەدیارترین چالاکیە رۆشنبیرییەکانی شارستانیەتی رۆژئاوایی،هەر لەو کاتەی کە لەیۆنانی کۆنەوە بەرلە(2400)ساڵ پێش ئێستاوە دەستی پێکردوە تاوەکو رۆژگاری ئەمرۆمان بەهەمان شێوە بەردەوامبوە.

(ثیوسیددس) یەکێک بوە لە لەدیارترین ئەوکەسانەی کە ئەم کارەی ئەنجامداوە،ئەویش بەئامانجی زانینی رووداوەکانی مرۆڤ،بۆیە بڕیاری ئەوەی دابوو کە چیدی لە حەکیمەکان یان پێغەمبەرەکان یان دەقەپیرۆزەکانەوە رێنمایی وەرنەگرێت بەڵکو راستەوخۆ خودی خۆی بڕواتە ناو رووداوەکانەوە وبەڵگەکانی تەنها لەو کەسانەوەرگرێت کە کەوتونەتە ژێر وردبینیەکی وردەوە و ئەو ئەنجامانە بدەن بەدەستەوە کە بەبەڵگە پشتگیری لێدەکرێت.

واپێدەچێت ئەم کردارانە ئاسان بێتە بەرچاو،بەڵام دەتوانین بڵێین رۆشنبیری رۆژئاوایی لەگێڕانەوەی رووداوەکانی کۆمەڵگادا بەدوربو لە کاریگەری ئاین و رژێمە سیاسیە باڵادەستەکان، بەمەش جەوهەری مێژوو بەدرێژایی دوو هەزارساڵی پێشو خۆی لەهەوڵی دۆزینەوەی حەقیقەت و وەسفکردنی ئەوەی بەراستی رویداوە بینیوەتەوە.

بەدرێژایی ئەو سەردەمەش زۆرێك لەمێژنوسان هەڵەیان لێگیراوەو رەخنەگرەکانیشیان لەسەر ئەوەسوربون کە راستیان پێشێلکردوە.

بەمانایەکی دیکە رەخنەگرەکان لەسەر ئەو خاڵە جەختیانکردۆتەوە کە راستی لای ئەوانە نەوەك مێژونوسەکان،ئەمڕۆش ،زۆربەی ئەو گریمانانە تەنانەت لەلای خودی مێژونوسەکان خۆشیان مایەی دودڵی نین،زۆرێك لە بانگەشەکارانی دوای تازەگەری و دیراساتە رۆشنبیرییەکان جەخت لەمەحاڵی قسەکردن لە حەقیقەتی رابوردو یان بەکارهێنانی مێژوو دەکەنەوە لەبەرهەمێنانی مەعریفەیەکی مەوزوعیدا ،نەك هەرئەوەندەش بەڵکو رابوردو نابینرێت جگە لە تێروانینی رۆشنبیری خۆمانەوە بۆی، دەتوانین ئەو گریمانە بەربڵاوانە کورتبکەینەوە بۆئەمانەی خوارەوە:

1/ حەقیقەت چەمکێکی رەها نیە،بەڵکو رێژەیی یە،چونکە رۆشنبیریە جیاوازەکان و هەڵوێستە سیاسیە جیاوازەکان هەریەکەو حەقیقەتی تایبەتی بەخۆی هەیە.

2/ مێژوو هیچ کاتێك ناتوانێت کە مەعریفیەیەکی رەهامان بداتێ،چونکە سەردەمە جیاوازەکان جارێکی دیکە رابوردو بەوشێوەی خۆی دەیەوێت تەئویل دەکاتەوە.

3/ ناتوانین بگەین بەشتێك کە ناوی جیهانێکی واقیعی بێت،چونکە ئەوەی واگومان دەبەین واقیعە هیچ نیە جگە لەدروستکراوی زمان و رۆشنبیری و خەیاڵی خۆمان.

4/ مانای هەردەقێك لەلای خوێنەرەکەی دەدۆزینەوە،چونکە خەڵکی لەچەندین رەگەز و خاوەن رۆشنبیری جیاواز پێك دێن و هەر بەڵگەیەکی مێژووی بەرێگایەکی تایبەتی خۆیان دەخوێننەوە،کە ئەم رێگانەش بەنیسبەت ئەو گەلانەی کە خاوەن بۆ چونی جیاوازن ،جیاوازە.

5/مێژوو لە گەڵ ئەفسانە یان خەیاڵی ئەدەبیدا جیاوازی نیە،چونکە کاتێك مێژوونوسەکان سەیری رۆشنبیریەکانی رابوردوو دەکەن ناتوانن مەوزوعیانە لێی بڕوانن و ناشتوانن لەکاریگەریە سیاسی ورۆشنبیرییەکانی دەربچن،جابۆیە مێژونوسەکان لەڕابوردودا جگە لەو بەهایانەی شوێنی گرنگپێدانەکانیان هیچی دیکە نابینن.

(هایدن وایدن)ی نوسەری کتێبی(ماوراء التاریخ) لەوە ئاگادارمان دەکاتەوە کە گێڕانەوە مێژوییەکان وەها بناسین کە خەیاڵاتی زمانەوانین و ناوەڕۆکەکانیشیان لەڕاستیدا(دروستکراوە نەوەك کەشفکەر).

(هانز کیلز)یش کە بەشدارە لەنوسینی کتێبی(فلسفة التاریخ الجدیدة) لەوە زیاتر دەڕوات و دەڵێت(حەقیقەت و واقیع تونترین چەکی ئیستبدای ئەم سەردەمەن).

هەر سێ نوسەری کتێبی(التاريخ محاكما) ئەوەمان بۆ دوپاتدەکەنەوە(مێژوگرافیای تازە ئەوەی فێرکردوین کە لەتوانای مێژونوساندا نیە کارەکانیان لەفێرکردن و هەڵوێست و ڕۆشنبیری و نەزعە ئایدۆلۆژییەکانیان جیابکەنەوە).

بەکورتیەکەی، ئەوان دەڵێن ئەگەر تۆ باوەڕت بەحەقیقەت و مەوزوعیەت هەیە ئەوا تۆ خۆت بەوە ئاشکرادەکەیت کەوا کەسێکی موحافیزکاری،بەڵام ئەگەر ئەم دوو چەمکە ڕەتبکەیتەوە ئەوا کەسێکی ڕادیکاڵیت،لێرەشەوەیە تێڕوانینی ڕادیکاڵیەت وەك فیکرەیەکی کاریگەر دەردەکەوێت و ماناکەشی ئەوەیە کە مێژوو سیاسەتێکی ڕووتە.

بائەوەتان بیربخەمەوە کە نوسەری ئوستورالی بەناوبانگ(هنری رینولدز) لەکتێبەکەیدا(لماذا لم يخبرونا) چی دەڵێت:

لەسەرەتای دەستکردن بەکارەکەمەوە من بڕوام وەهایە کە نوسینەوەی مێژوو بێ گومان نوسینەوەیەکی سیاسیانەیە،چۆن دەتوانم پێچەوانەی ئەمە بڵێم؟

چونکە مێژونوسان هەستە کەسیەکانیان و عەبا ئایدۆلۆژییەکانیان فڕێنادەن کاتێك بەناو ڕابوردودا دەکەونە دوای ئەو بابەتانەی کە بۆی دەگەڕێن و لەسەری دەنوسن.

هەروها ڕێگەی ئەوە بەمێژوو نوس دەدات لەڕوانگەیەکی حیزبیەوە بنوسێت و بیانوش بۆ خودی خۆی و هەموو ئەوانە بهێنێتەوە کە زاتی ئەوە دەکەن ڕکابەرێتی بکەن.

ئەم سەلماندنەش دوو بەڵگە لەخۆ دەگرێت:

یەکەمیان دەڵێت مێژونوسەکانی لەجۆری (رینۆلدز) بیانویان بۆ تەبەنی کردنی بۆچونێکی سیاسی هەیە چونکە هەموو ئەوانەی لەچواردەوەری ئەودان بەهەمان ئاراستە ئیشدەکەن.

دووەمیش نوسینەوەی مێژوو لەبنەڕەتەوە بەمومارەسەیەکی سیاسی دادەنرێت،بەمانایەکی تر ئەوە مەسەلەیەکی بە زەرورەت ئەبستمۆلۆژییە.

واپێدەچێت بەڵگەی یەکەم بەتەواوەتی قبوڵنەکراوبێت،چونکە ئەگەر بابەتی مێژونوسێکی دیاریکراو لەسەر بەڵگەی هەڵە و ڕووداوی دروستکراوە و تەئویلاتی هەڵگەڕاوە بنیاتنرابێ ئەوا دۆزەکەی بەجارێك ئیهانەکراوە، بەچاوپۆشین لەهەر مەسارێکی سیاسی ئەو کەسەی دیکە کە دەیگرێتەبەر کاتێك دەیەوێت لەهەمان بابەتدا کاربکات.

بەڵگەی دوهەمیش تاڕادەیەك چاکە،چونکە کاتێك دەڵێین ئەوە شتێکی قورسە کە مێژوونوس واز لەمەیل و هەڵبژێردراوە سیاسیەکانی خۆی بهێنێت ئەمە بەمانای ئەوە مەحاڵ نایەت، بەڵکو شتێکی بەدیهیە کە مێژونوسەکان کوڕی سەردەمەکەی خۆیانن و مەیلی ئەو بابەتەیان هەیە کە ئەوان و هاوچەرخانی ئەوان بەدوای وەڵامەکەیدا دەگەڕێن.

ئەمەش بەمانای ئەوە نایەت کەکارەکانیان وەها لەچارەی نوسراوە کە نوقمی سیاسەت بێت و لێی دەرنەچێت.

لەشەستەکانی سەدەی نۆزدەیەم دا ئەو بیرۆکەیە لەدایکدەبێت کە پێی وایە مێژونوسان لە ئەجنێدا سیاسیەکانەوە دروستدەبن .

لە بنەڕەتدا ئەم بیرۆکەیەش بۆ بەئەنجام گەیاندنی لێکۆڵینەوەو دیراسەکان لە دایك دەبێت ئەمەش بەمەبەستی ڕێگەدان بە بیستنی ئەودەنگانەی کە لە لایەن لایەنگرانی مێژوو ی تەقلیدیەوە ، خەفەکرابون .

ئەوەتا دانەرانی پرۆژەکانی خوێندنی دواناوەندیەکانی ئەمریکا پێمان دەڵێن کە تەفسیراتەکانی ئەوان بۆ مێژوو دەرگا دەکاتەوە لە بەرامبەر ژنان و ڕەشپێستان و ئەو چینانەی کە (بە دەست جیاوازی ڕەگەزی و ئیستغلال کردن و ڕق لێبونەوە ناڵاندویانە بەڵام ئەوان توانیویانە شەڕی وەدەست خستنی مافەکانی خۆیان بکەن و تەسلیم نەبن و بەسەر ئەو جیاوازیاندا زاڵ بن ) .

( كيس جنكنز) کە یەکێکە لە و لایەنگرانە لە کتێبەکەیدا ( جامع التأريخ مابعد الحداثي) دەڵێت : ئەم لێکنزیکخستنەوە مانای کۆتای هاتنی مێژوی تەقلیدی دەگەیەنێت :

لە توانای ئەم ڕوئیا (کراوە) دایە کە مێژو نوسان (ڕزگار) بکات و وەهایان لێدەکات کە گێڕانەوەی جیاواز ئەنجامبدەن بۆ ئەو چیرۆکانەی مەشروعن و هەریەکە و بەپێی جیهانبینی خۆی و بەدەنگەلێکی نامەئلوف،هەر بەم ڕێگایەشە کە دەتوانین تەفسیری ڕابوردوو بەو ڕێگایە بکەین کە دەمانەوێت،ئەم ئەنجامەشە بەدیاریکراوی دەدرێت بەگوێ ی مێژوونوسە تەقلیدیەکاندا بەوەی کەکۆتایی مێژوەکەیانە).

من لەگەڵ ئەو ئەنجامەدام کە(جنکنز ) پێی گەشتوە بەڵام پێشوازی لە بیرۆکەکەی ناکەم ،دژایەتیەکە لەوێدایە لایەنگرانی ئەم بیرۆکەیە دڵخۆشن بەفرەیی دەنگەکان مادامەکی کە لەو کۆمەڵانەوەیە وەك خۆیانن:ژنان،کەمینەکان،ڕەشپێستەکان ،شازەکان ،و.........

بەلام لەگەڵ ئەوەشدا قورسە گەشتن بەوڕاستیەی کە بەسیاسیکردنی مێژوو ئامانجەکانی تەنانەت خودی ئەم کۆمەڵانەش لاوازدەکات:چونکە بەدورکەوتنەوەیان لەحەقیقەت و مەوزوعیەت بەئەنقەست وبێ ئەوەی هیچ هۆشیارییەکشیان لەبەرامبەریدا هەبێت دەبێتە پێشێلکردنی هەڵوێستە سیاسیەکانی نەیارەکانیان و ئەنجامەکەشی دوپاتکردنەوەی ئەو ڕێژەگەراییە ڕۆشنبیرییە کە پایەکی باڵاتر دەدات بەهەندێ بیروبۆچون بەچاوپۆشین لەهەر خەسڵەتێکی نامرۆڤانە و سەیروسەمەرەیەکەشی .

ئەم هەڵوێستە هەر بەتەنها ئامانجە سیاسیەکانیش ناسڕێتەوە،بەڵکو خودی پرۆژەی مێژوش دەکوژێت،چونکە ئەگەر مێژوو هەمووی سیاسیکراوبێت ئەوا دەبوو هەموو تێڕوانینەکانیش مەشروعیەتیان هەبوایە.

بابەڕونی مەبەستەکەی خۆم دیاریبکەم،من دژی نوسینەوەی مێژوی ژنان یاخود ڕەشپێستەکان یاخود هیچ کۆمەڵەیەکی دیکە نیم کە مێژوونوسێك بیەوێت وەها بیانناسێنێت کە کۆمەڵانێکی چەوسێنراون.

تۆ دەتوانی لەڕێگای بەکارهێنانی ئامرازەکانی مێژوی تەقلیدییەوە ئەو کارە ئەنجامبدەیت،ئەوەی مەبەستمە ئەوەیە ئەگەر تۆ بتەوێت وە دوای ئەو ئامانجە بکەویت دەبێت ئەو بەڵگانەی بەکاریدەهێنی لەگەڵ پێوەرە تەقلیدییەکاندا بگونجێت.

دەبێت تۆ بابەتەکەت بخەیتە ڕوو بۆ ئەوەی ئەو لێکۆڵەرەوەکانی دیکەبتوانن لێبکۆڵنەوە و ڕەخنەی بکەن و دڵنیابن لەبەڵگەو مەنتیقەکانی.

ئەگەر بەڕاستی لەیەکێك لەبەشەکانی مێژوەکەدا سەرکوتکردن ڕویدابێت دەبێت بەبەڵگەوە بێت .

بەمانایەکی دیکە دەوڵەمەندکردنی بابەتەکەت بەبەڵگەی مەوزوعی چاکترین ڕێگایە بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندییە ڕاستەقینەکان.

بەڵام دەبێت لێرەدا جیاوازی لەنێوان وەقائیعە مێژوییەکان و دانراوە مێژوییەکاندا بکەین ،ئەوانەی کە تەفسیرات و گێڕانەوەی مێژوونوسەکان لەخۆدەگرێت.

مادامەکی وەقائیعە مێژوییەکان ئاشکران،لێرەدا باسی دانراوە مێژوییەکان دەکەم،واتە دانراوەمێژوییەکان و لەکتێبەکەی (غریغ دیننغ)ەوە دەستپێدەکەم (تمرد علی ظهر سفینة بونتي).

لێرەدا ئەم نوسەرە بانگەشە ئەوە دەکات کە مێژوو(شتێك نیە فێری بین ) لەڕابوردووەوە بەڵکو مەسەلەیەکی تەئویلکارانەیە،واتە ڕابوردو وەها بخوێنیتەوە کە بەپێی پێداویستیەکانی ئێستا بێت،بەو مانایەی کە ڕابوردو هیچ نیە جگەلە دەقێك ایێی دەڕوانین بەدیاریکراوی وەك لەگەڵ هەر دەقێکی ئەدەبیدا دەیکەین،هەربۆیە ئەم نوسەرە ئەو یاخیبونە هەڵدەبژێرێت کە لەسەر پاپۆڕی (بونتی) لەساڵی 1789 دا ڕودەدات.

ئەم ڕوداوە زیاتر لەهەزار کتێب و وتاری لەسەر نوسراوە ،هەروەها دەقێکی مەلحەمی (بیرۆن) و پارچەیەکی مۆزیکی لەسەدەی نۆزەدەیەم و نزیکەی (5) فلیمی لەسەر ئەنجامدراوە.

(دیننغ) هەوڵی ئەوەدەدا ئەوەمان بۆ ڕونبکاتەوە کە ئەو تەئویلاتە جیاوازانەی کە لەنێوان هەردوو سەدەی پێشودا بۆ ئەو ڕووداوە ئەنجامدراون هەریەکە و ڕەنگدانەوەی ئەو بەهایانەیە کە ئەو سەدانە بەرهەمیهێناون،لەبەر ئەمەش مێژوو بەردەوام نامێنێتەوە، بۆیە وەهمێکە ئەوەی هەوڵی ئەوەدەدات وەها لەڕابوردوو بگات (کە بەوشێوەی ڕویداوە).

واشدەرکەوێت (دیننغ) سەرنجی بۆ ئەوە ڕانەکێشاوە کە کردارەکانی لەکتێبەکەیدا دژی بیرۆکەکانیەتی :چونکە کتێبەکەی دوبەشی سەرەکی تیادایە کە پشتی بەوە بەستوە کە وها لەڕابردوو بگات (بەوشێوەی کە ڕویداوە)،بێ ئەوەی سەلماندنێکی هەبێت بۆ باسەکەی .

لەبارەی ئەو ئازاردانە جەستەیانەی کە کاپتن (بلای) لەسەر پاپۆڕەکە ئەنجامی دەدات و گریمانەیەکی بەهێزە بۆ ئەوەی کە هۆکاری سەرهەڵدانی یاخیبونەکەبێت دەتوانین ئەو ئەنجامانە دیاریبکەین کە (دیننغ) پێی دەگات،بۆ ئەوەش کە (دیننغ) بەڵگە بهێنێتەوە لەسەر ناڕاستی ئەم گریمانەیە ئەوا چاو بەو فایلاتانەی دەریاوانی بەریتانی دا دەخشێنێتەوە کە تیایدا سزای دەریاوانەکان دیاریکراوە.

بۆ ی دەردەکەوێت کە کاپتن(بلای) یەکێك بوە لەو سەرکردانەی زۆر بەکەمی پەنای بردۆتە بەر ئازاردانی جەستەیی،لەبەرئەوەش کە (دیننغ) ئەم بەڵگانەی بڵاوکردۆتەوە ئیدی لەداهاتودا هیچ کەسێك نایەت بانگەشەی ئەوە بکات کە یەکێك بوە لەسەرکردە توندوتیژەکان ،بۆ ئەوەش کە بیسەلمێنێت کە (بلای) سەرکردەیەکی توندوتیژنەبوە،ئامارەکانی بەشێوەیەکی تەئویلی ناخاتە ڕوو کە ئەوانی دیکە بتوانن قبوڵی بکەن یاخود ڕەفزی بکەن،بەڵکو ئەو دەرئەنجامی خۆی دەخاتە ڕوو لەسەر ئەو (خورافە بڵاوە)ی کە دەربارەی سادیەتی (بلای) هەیە.

ڕەنگە ئەو لەتوانایدا بوایە دەرئەنجامەکانی خۆی لەسەر بناغەیەکی مەوزوعی یان ڕەها بەکاربهێنایە،ئەمە جگە لەوەی ئەو گرنگی دەخاتە سەر :

1/ ئەو ئامارانەی کە وادەردەخەن (بلای) توندوتیژی کەمبوە.

2/ ئەو تەفسیراتانەی پێشوتر کە بۆ یاخیبونەوەکە کراوە و باس لەتوندوتیژی (بلای) دەکەن جگە لەڕەنگدانەوەی بەهاکانی ئەو سەردەمە هیچی دیکە نین،ئەویش لەڕوانگەی ئەوەی کە سەردەمە جیاوازەکان ئە وخورافاتانە بەرهەمدەهێنن کە تایبەتە بەمێژوەکانی خۆیانەوە.

هەربۆیە ئێمە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەو تێزە گەورەیەی ئەو باسی لێوە دەکات (ئێمە هەرگیز مێژوو ناناسیین (کەبەوشێوەی ڕویداوە) لەسەر ئەو بەڵگەیە بنیاتراوە کە بەڕاستی ئەوەی لەمێژوودا ڕویداوە ).

جابۆیە دیارە بابەتەکەی دژیەکییەکی لەخۆیدا هەڵگرتوە،ئەو لەلایەك ناتوانێت بابەتەکەی دژی حەقیقەتێکی مێژویی بخاتە ڕوو بێ گەڕانەوەی بۆ ئەو حەقیقەتە مێژووییەی کە هەوڵی پوچەڵکردنەوەی دەدات.

ئەوەی کە ڕای (دیننغ) لەمێژوودا وەربگرێت ناتوانێت قسەلەسەر ئەوەبکات (بەڕاستی کە ڕویداوە) و مشتومڕیش لەسەر چارەنوسی کەسایەتیە(ڕاستەقینەکان)یش نەکات.

هەر کەسیش باوەڕی وەهایە کە مێژوو شتێك نیە (فێری) بین یان کەشفیبکەین بەڵکو تەنها پرۆسەیەکی چارەسەرکراوە بۆ تەئویلاتی ئەو نەوانەی کە لەداهاتودا ئەنجامی دەدەن،ئەوا ناتوانێت هیچ بناغەیەکی واقیعی بەهێزی وەهای هەبێت کە پشتی پێ ببەستێت و ڕەخنەی هەرچ شتێکیش بکات کەبیەوێت.

نەك هەرئەوەندە بەڵکو دەبێت دان بەوەدابنێین کە مێژوو شتێك نیە نەوەکانی ئێستا لەبەرژەوەندی خۆیان دروستکەریبن،مێژوو ئەو پەڕاوەیە کە ڕابوردوی تیادا دەخوێنینەوە،ئەگەر بشمانەوێت بگەین بەجەدەلێکی ماقوڵ،دەبێت دان بەوەدا بنێین کە هەندێك لەو پەڕاوانە ڕاستەقینەن،وەچەند ڕوداوگەلێکیش هەن کە لەڕێگای مێژوەوە پێیان دەزانین،ڕابوردوش ئەنجامی دروستکراوی ئێستا نیە،بەڵکو ڕوداوێکە بەجیا لەئێمەڕویداوە و ئێمەش دەرهاوێشتەکانیمان بۆ ماوەتەوە.

سەرچاوە/

سایتی ئیلاف

و/ بۆ عەرەبی/ خالدة محمد